زانكۆی سەڵاحەددین- هەولێر
كۆلێژی بەڕێوەبردن وئابووری
بەشی ئابووری
بابەت: هەڵسەنگاندنی پڕۆژە ئابوورییەكان
كۆرسی یەكەم
قۆناغی چوارەم

# هەڵسەنگاندنی
# پڕۆژە ئابوورییەكان


## بەشی یەكەم

2023-2022

ئامادەكردنی
پ . ی .د. بختیار صابر محمد
كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری
پ . ی .د.یاسین رەسول یونس
كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری

**دەروازەیەک بۆ ناساندنی بابەتی هەڵسەنگاندنی پرۆژە ئابوورییەکان :-**

**بابەتی هەڵسەنگاندنی پرۆژە ئابوورییەکان گرنگی بە دوو لایەن دەدات:**




**یەکەم: پروژە پێشنیارکراوەکان :**

**واتا ئەو پرۆژانەی کە پێشنیارن وهێشتا بیرۆکەن و دانەمەزراون، لەرێگەی ئەم بابەتەوە هەوڵدەدەین باشترین ئەو پرۆژانە هەڵبېژێرن لەنێوان چەندین پرۆژەدا یاخود ریزبەندیان بۆ بکەین بە پێی باشترینیان لەسەر بنەمای ئەنجامی پیوەر و ئاماژە بەکارهاتووەکان واتە هەلبژاردنی ئەو پرۆژانەی کە چاوەروان دەکرێت ببێتە هۆی بەدەست هێنانی زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی یان بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەس یان سووك کردنی دیاردەی بێکاری یان بەدیهێنانی هەر ئامانجێکی تر ئەم لێکۆلینەوە پێی دەوترێت لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری .**

**دووەم : پرۆژە دامەزراوەکان**

**مەبەست لێی ئەو پرۆژانەی کە دامەزراون وکاری فعلی ئەنجام دەدەن، ئەم بابەتە هەوڵدەدات کە کاری ئەو پرۆژانە هەڵ بسەنگێنێت لەرێگەی بەراووردکرنی ئەنجامە بەدەست هاتووەکان لەگەڵ ئامانجە پلان بۆ دارێژراوەکان بۆ دیاریکردن و زانینی خاڵی لاواز و بەهێزی ئەو جۆرە پرۆژانە بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو پێویست بۆ راستکردنەوە و بەرەو پێش چوونیان لە ئاییندەدا ئەم لێکۆلینەوە پێی دەوترێت لێکۆڵینەوەی توانستی جێبەجێکردن.**

## چەمکی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری

**دەکرێ پێناسەی لێکۆڵینەوەی کەلك بەم شێوەیە بکرێت:**

- **(هەموو ئەو لێکۆڵینەوان کە پەیوەستن بە هەلێکی وەبەرهێنانەوە لە گشت قۆناغە جیاوازەکانیدا ، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی وەکو بیرۆکە تا گەیشتن بە بریاری کۆتایی و قبوڵکردنی بیرۆکەکە، لەبەر بوونی پاساوی ئابووری ، یان رەتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە، بەهۆی نەبوونی پاساوی ئابووری.)**
- **یان دەکرێ: شێوازێکی زانستی گشتگیرە بۆ سەرجەم لایەنەکانی پرۆژەی پێشنیارکراو ، بۆ خەملاندنی ئەگەرەکانی سەرکەوتنی بیرۆکەی وەبەرهێنان بەر لە جێبەجێکردنی پراکتیکی، ئەمەش لەژێر رۆشنایی توانای پرۆژەکە یان بیرۆکەی وەبەرهێنان بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی وەبەرهێنەر.**

- یانیش پێناسەی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری بریتیە لەو لێکۆڵینەوە زانستییەی کە هەوڵدەدات ئاستی لەباری هەر پرۆژەیەکی پێشنیارکراو یان کۆمەڵە پرۆژەیەك دیاری بکات، بەمەبەستی بڕیاردان بە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەی وەبەرهێنان لە پرۆژەکە.
- سەرەنجام لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری بە ئامرازی دوور خستنەوەی مەترسی و زیان و هەرەسهێنانی پرۆژە دەژمێردریت

## پرۆژەی ئابووری

- بریتییە لە هەر پێشنیارێك بۆ بیرۆکەیەکی دیاریکراو ، کە ئامانجی پەیداکردنی بەهایەکی زێدەکیە بەرێگایەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ، کەوا پێویستە دەرامەتی مادی و نامادی بۆ ئامادە بکرێ .
- یان چالاکییەکی وەبەرهێنانە لە سەرەتا گوژمەیەکی دارایی بۆ خەرج دەکرێت بەمەبەستی دروستکردنی هەبووی سەرماداری لە پێناو گەیشتن بە چەند دەسکەوتێك لەئاییندە .
- یان بریتییە لەبڕیاریکی وەبەرهێنان لە پێناو هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو بۆ پەیدا کردنی لێشاوێك لەبەرهەم وخزمەت گوزاری بەدرێژایی ماوەیەکی دیاریکراو ، لەرێگەی بەدیهێنانی توانایەکی نوێی بەرهەمهێنان، یان بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی هەنووکەیی پرۆژەیەك یان هەردووکیان بەیەکەوە.

## * رەگەزەکانی پرۆژە ( عناصر المشروع ):

وێڕای بوونی جیاوازی لەچەمك و پێناسەکانی پرۆژەی ئابووری، بەڵام هەموویان لە کۆمەڵێك ڕەگەز بەشدارن ، دەکرێ لەوانەدا کۆیان بکەینەوە:

1- **لێشاوی دەرەکی:** ( out flows ) **: کە هەندێ کات بە تێچوون** ( Costs ) **ناودەنرێ یان مدخلات**( In puts ) **یان دەرامەتەکان** ( Resources ).

2- **لێشاوی ناوخۆیی**( In flows )**: کە هەندێ کات بە سوودەکان** ( benefits ) **یان دەرچووەکان** ( Out puts ) **یان داهاتەکان** ( Returns ) **ناودەنرێ، کە ڕەنگدانەوەی ئامانجی پرۆژەیە**.

3- **ماوەیەکی کاتی دیاریکراو کە ژیانی پرۆژە** ( Life of project ) **دەنوێنێت**.

4- **شوێنێکی دیاریکراو** ( Location )

5- **بەڕێوەبردنی پرۆژە** ( Management ) **یان ئەندامانی خاوەن پرۆژە یان بەشداربووان**

هەروەها لەهەندێك کاتدا دەکرێت پرۆژەیەك چەندین مەبەستی لێ بەدی بکرێت وەك دروستکردنی بەنداوێك بۆ کۆکردنەوەی ئاو و ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکان و لادانی مەترسی لافاو وەبەرهێنانی کارەبا و سوود وەرگرتن لەکەنارەکان بۆ مەبەستی گەشتیاری و پەیداکردنی هەلی کار ..هتد، جالێرە یان هەر بەشێکی پرۆژەکە لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێت وەك پرۆژەیەکی سەربەخۆ ، یانیش پرۆژەکە هەلسەنگاندی بۆ دەکرێ بەگشت بەشەکانی بەیەك جار وەك یەك پرۆژە.

## مەرجەکانی کرداری هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە:

لە پێناسەی پرۆژەی ئابووریدا بۆمان دەردەکەوێت کە چەند مەرجێك هەن پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، لەکاتی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەدا ئەوانیش بریتین لە:

1- زانینی وورد و دروست بۆ قەبارەی دەرامەتەکان و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی و بەگەرخستنی هەر پرۆژەیەك، جا چ ئەو دەرامەتانە لەناوەوەی وڵات دەست بکەون یان لەدەرەوە وڵات بێت (بازاڕی دەرەوە)، کە لێرەدا پێویستە زانینی وردمان لەسەر دراوی بیانیی پێویست هەبێت بۆ دابین کردنی ئەو کەرەستە و دەرامەتانە، کە ئەمە لایەنی (تێچوو)ی پرۆژە دەنوێنێ کە پێویستە بۆی دابین بکرێت.

2- زانین و روونی جۆر و قەبارەی بەرهەمەکانی پرۆژە لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان (توانای بەرهەمهێنان) کە ئایا بەرهەمەکە کۆتاییە؟ یان بەرهەمی ناوەدیە؟، ئایا بۆ بازاڕ ناوخۆییە؟ یان دەرەکییە؟ یان هەردووکیانە؟ کە ئەمەش لایەنی دەسکەوتی چاوەروانکراوی پرۆژە دەنوێنێ.

3- لێکۆڵینەوەی کەڵکی هونەری بۆ پرۆژەی پێشنیارکراو لەبارەی پێداویستی ئامێر ومەکینە و شوێن و توانای بەرهەمهێنان، کە لە ئاکامدا لە ڕووی هونەرییەوە بڕوای تەواومان پێ دەبەخشێت بە توانستی وەدیهاتنی پرۆژەکە لە ڕووی هونەرییەوە ، خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە پرۆژەی پێشنیارکراو پێویستە لە پێشدا هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی کەڵکی بۆ بکرێت لەڕووی هونەری دواتر لە رووی ئابووری و داراییەوە ، لەبەرئەوەی مەرج نییە هەموو بیرۆکەیەك لە ڕووی هونەرییەوە بەدی بێت.

4- زانینی وورد و فراوان بۆ قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژە و تەمەنی بەرهەم هینان، لەبەر ئەوەی گەشەکردن و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناکرێت لە ڕەهەندی کات دابڕین، چونکە هەموو شتە گۆڕاوەکان بە یەکەی کات دەپێورێت، کەوا بەساڵ پێوانە دەکرێ.

5- توانای پێداویستییەکانی پرۆژە، ( تێچوونەکەی) بۆ پێوان و هەڵسەنگاندن ، لەبەرئەوەی پرۆسەی بەراوردکاری بۆ هەڵبژاردنی جێگرەوەیەکی باش لە نێوان جێگرەوە ڕەخساوەکانی کە کێبرکێ دەکەن لەسەر دەرامەتەکان، ئەستەمە ئەگەر هاتوو یەکەیەکی پێوان نەبیت، کە لە ڕێگەیەوە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە ئەنجام دەدرێت.

6- توانای بەرهەمەکان واتا دەرکردەی پرۆژە لە کاڵاکان بۆ پێوان و هەڵسەنگاندن، لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندن لە رێگەی بەراووردی کردنی سوود بە تێچوونەکانەوە دەبێت، ئەگەر هاتوو سوودەکانی پرۆژە زیاتر بوو لە تێچوونەکانی ئەوا بە پرۆژەیەکی سوودمەند و ئابووریانە دادەنرێت.

## قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی پرۆژەی ئابووری:

پرۆسەی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی پرۆژە ئابوورییەکان بە چەند قۆناغێکی جیاواز تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە جێبەجێکردنی پراکتیکی، کە لە میانەی ئەم قۆناغانەدا چەمکەکان پێشدەکەون و پەرەیان پێدەدرێت و بڕیاریان بۆ دەدرێت، وە هەر لەسەر ڕوشنایی بڕیارەکان بیرۆکەی پرۆژەیەك دوور دەخرێتەوە ئەگەر لێکۆڵینەوەو را پۆرتەکان نیشانە بە نەبوونی کەڵکی پرۆژەکە بدەن، یان هەنگاو دونێن بەرەو گرێبەست و پەڕینەوە بۆ قۆناغێکی تر و تەواوکردنی پرۆسەی ئامادەکردن و جێبەجێکردن ئەگەر لێکۆڵینەوە ورا پۆرتەکان نیشانە بە کەڵکی پرۆژەکە بدەن.

پلاندارێژەران جیاوازن لەدەست نیشانکردنی قۆناغەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆژەی ئابووری ، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بلێین قۆناغەکان بریتین لەم قۆناغانەی خوارەوە:

1- بیرکردنەوە لە پرۆژەکە و دۆزینەوەی هەڵی وەبەرهێنان

2- لێکۆڵینەوەی کەڵکی بەرایی (هەڵبژاردنی بەرایی)

3- لێکۆڵینەوەی کەڵکی چڕوپڕ (تێروتەسەل)

4- هەڵسنگاندن و بڕیاردان.

5- بەدەستهێنانی مۆڵەت بۆ جێبەجێکردن و دانانی دیزایینی

6- گرێبەستی جێبەجێکردن و کڕینی ئامێرو کەلوپەل.

7- دابین کردنی پێداویستیەکان بۆ شوێن و دامەزراندنی

8- دەستپێکی کارکردن و چاودێریکردنی جێبەجێکردن

## قۆناغی یەکەم :- بیرکردنەوە لە پرۆژە و دۆزینەوەی هەڵی وەبەرهێنان:

پێویستە هەربڕیارێکی وەبەرهێنانی پێشنیارکراو لە ئەنجامی کۆمەڵێك تویژینەوە و لیکۆڵینەوە سەر هەڵبدات وەك لیکۆڵینەوەی کەڵکی هونەری وئابووری و دارایی ونابێت دۆزینەوەی هەلی وەبەرهێنان لەسەر ئارەزووی کەسی بیت، بەڵکو چەندین نیشاندەر و ریگای هەیە بۆ ئارەستەکردنی وەبەرهێنەران بەرەو هەلێکی وەبەرهێنان لەجیاتی هەلێکی تر ، کە ئەو نیشاندەر و ریگایانە بەتەواوکەری یەکتر دادەنرێن .

لیکۆڵینەوە لەم رووەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بەتایبەتی لە ولاتانی تازە پێگەیشتوو لەبەر ئەوەی بەکەمی سامان ودەرامەتە ئابوورییەکانەوە دەنالێنن بەتایبەتی رەگەزی سەرمایە .

گرنگترین ئەو نیشاندەر و ریگایانەش کە پشتی پیٚ دەبەسترێت بۆ بیرکردنەوە لە پرۆژە و دۆزینەوەی هەڵی وەبەرهێنان بریتین لە :-

1- شیکردنەوەی لیستی هاوردەکردن:

بۆ ئەوەی بتوانین لە ریگای لیستی هاوردەکردن بزانین چ جۆرە کالأیەك هاوردەکراوە، ئەو کاتەش بتوانین پرۆژەیەکی لەم شێوەیە لە ناوەوەی ولأتی خۆمان

2- شیکردنەوەی سەرچاوەکانی ناوخۆیی لە کەرەستە و دەرامەتی سەرەتایی:

بوونی جۆرێك لە کەرەستە سەرەتایی وا لە ولأت دەکات، کەوا بتوانین پرۆژەیەك دا بمەزرێنین لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بتوانێت رکابەری کالأی هاوردە بکات و بشتوانێت هەڵی کارکردن لە ولأت زیادبکەین و هەروەها لەسەر ئاستی دەرەکیش بتوانین کالأکان بۆ بازارەکانی جیهان هەناردەبکەین.

3- لیکۆڵینەوەی هێزی کارو ئاستی لێهاتوویی کرێکار:

شیکردنەوەی توانا و لیهاتووی هیزی کاری ناوخۆیی ئاسانکارییە بۆ دامەزراندنی پرۆژە، کەوا پێویستی بەم جۆرە شارەزایی و لێهاتوویییەیە، کە لە ولأتی خۆماندا هەیە.

4- لیکۆڵینەوەی پرۆژە پیشەسازییە بەرجەستەبووکان( دامەزراوەکان )و پەیوەندی نێوانیان:

ئەم جۆرە لیکۆڵینەوانە وشیکردنەوەیان رەنگە ببێتە رێخۆشکەر بۆ بیرۆکەی دامەزراندنی چەند پرۆژەیەکی پیشەسازی کە پشت بە پرۆژە بەرجەستەبووکان ببەستن وسوودیان لیببینن لەرێگەی پەیوەندیی پێشەکی و پاشەکی نێوانیان (Backward–forward linkages) بۆنموونە: پیشەسازی رستن وچنین پەیوەندی پێشەکی هەیە بەکشتوکاڵی لۆکە وە پەیوەندی پاشەکی هەیە بەکارگەی دروست کردنی جلوبەرگ .

5- پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا:

گۆڕان و پێشکەوتنی تەکنەلوژیای بەردەوام لە بوارە جیاجیاکاندا، بە تایبەتی لە بواری پیشەسازی کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر بەدیهێنانی هەڵی بەرهەمهێنان و دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی نویٚ وهەلی تازە لە پیشەسازی نویٚ دێنێتە پێشەوە، لەم دەروازەیەوە دەتوانین بڵێین: ڕەنگە ئەو پرۆژەیەی کە لە ڕابردوودا نەخوازراو بوون ورەتکرابۆنە ، بەلأم بە تێپیەربوونی کات و لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئەم هەڵە بووبێتە هەڵێکی خوازراو و قازانج بڕەخسێنێت.

6- شیکردنەوە پلانەکانی گەشە پێدان:

لەڕێگەی شیکردنەوەی پلانەکانی گەشە پێدانی وولاّت دەتوانرێ هەڵی وەبەرهێنانی زیاتر بدۆزیتەوە و پڕۆژەی نوێ دا بمەزرێنریێت کە پێشتر بازاری کز بووە وخواستی لەسەر نزم بووە.

7- ئەو پرۆژانەی پیشتر پلانی بۆ دانراوە، بەلاّم جێبەجێ نەکراوە:

گەڕانەوە بۆ ئەو پرۆژانەی کە پیشتر پلانی بۆ دانراوە، بەلاّم جێبەجێ نەکراوە لەبەر کەمی سوودەکە لە کاتی خۆیدا، بۆیە گەڕانەوە بۆ ئەم پرۆژانە دوای بەسەر چوونی ماوەیەك رەنگە کەڵکی ئابووری لێ بەدبیکرێت بەهۆی ڕوودانی گۆڕانکاری لە پەیکەری پیشەسازی و ئابووری یانیش لە بازاڕیی ئەو وولاتەدا ،ئەمەش دەبێتە پاساو بۆ دامەزراندنی پڕۆژەکە .

8- ئەزموونی ولاّتانی تر :

تێبینیکردنی تاقیکردنەوەی گەشە پێدانی پیشەسازی ولاّتانی تر کە بارودۆخییان هاوشێوە ونزیك بێت لەوولاتی مەبەست، چونکە سەرکەوتنی پڕۆژەیەکی پیشەسازی لەو وولاتانە هاندەر دەبیت بۆ بنیاتنان و دامەزراندنی پڕۆژەیەکی پیشەسازی هاوشێوە لە ولاّتی مەبەست، لەگەڵ رەچاو کرنی باری ئابووری وکۆمەلایەتی نێوانیان.

9- خشتە و لستی رێکخراوە نێودەولەتیەکان:

بەکارهێنانی خشتە و لستی پیشەسازی کەوا لەلایەن هەندێك رێکخراوی نێودەولەتی بلاّو دەکرێتەوە وەك رێکخراوی گەشە پێدانی پیشەسازی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNIDO)، چونکە ئەم بلاّوکراوانە چەندین پێشنیار وراسپاردە لەخۆ دەگرن سەبارەت بە پڕۆژەی گونجاو چۆنیەنی سەرکەوتنی، واتا لە ریێگەی ئەم بلاّوکراوانەدا زۆرجار دەتوانین هەڵی وەبەرهێنان بۆ ولاّتی مەبەست بدۆزێتەوە.

10- خواستی بەردەوام لەسەرکالاّ و بەرهەم:

سەرەرای هەموو ئەو هۆکارانەی رابردوو کۆتا خاڵ ئەوەیە: خواستی بەردەوام لەسەرکالاّ و بەرهەمەکان کە دەبێتە هۆی زیاتر بەرزبوونەوەی نرخی کالاّ و بەرهەمە پیشەسازییەکان، کە لە بەرامبەردا خستنەڕووی دیاریکراوە، ئەمەش نیشاندەریکە بۆ بەهەند وەرگرتنی ئەم کاڵایانە وەك هەلێکی وەبەرهێنان و دامەزراندنی پڕۆژەی پیشەسازی کاڵاکە.

## قۆناغی دووەم: لێکۆڵینەوەی کەڵکی بەرایی:

لێکۆڵینەوەی کەڵکی بەرایی بریتییە لە لێکۆڵینەوە یان ڕاپۆرتی بەرایی، کە هێڵە گشتییەکان لە سەرجەم لایەنی پڕۆژەیەك یان پڕۆژە پێشنیارکراوەکاندا دەنوێنێت، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت بڕیاری ئەوە بدرێت بە وازهێنان لە پڕۆژەکە یان هەنگاو بهاوێژرێت بەرەو لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل.

ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی ناوەندی لە نێوان قۆناغی دۆزینەوەی هەڵی وەبەرهێنان و قۆناغی لێکۆڵینەوەی کەڵکی تیروتەسەل (فراوان) دەژمێردرێت، ئامانجیش لێی سەلماندنی راست ودوروستی ئەو هەڵی وەبەرهێنانەیە کەوا بیری لێکراوەتەوە و دڵنیابوونە بە سوود و قازانجی پڕۆژەکە.

ئەم قۆناغە لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری فراوان نییە، بەڵکو ژمارە و پێوانەکانی بەنزیك کراوەییە بەمەبەستی ئاراستەکردن بۆ دامەزراندنی پڕۆژەکە یان رەتکردنەوەی دامەزراندنی پڕۆژەی پیشەسازی ...

لێکۆڵینەوەی کەڵکی هونەری - ئابووری بەرایی ئەم خاڵانە بەهەند وەردەگرێت:-

1- ئایا ئامانجەکانی پڕۆژە لەگەڵ ئامانجەکان و سیاسەتی گشتی وڵات یەك دەگرێتەوە؟
2- ئایا پڕۆژەی پێشنیارکراو لە قۆناغی یەکەم پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فراوان هەیە؟
3- ئایا چ قۆناغێك لە قۆناغەکانی پڕۆژەکە پێویستی بەگرنگی پێدانی تایبەت هەیە لەکاتی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل... نموونە لێکۆڵینەوەی بازاڕ یان لێکۆڵینەوەی هونەری؟

### پێویستیشە لێکۆڵینەوەکە ئەم خاڵانە خوارەوەی تێدا رەچاوبکرێت:

1- شیکردنەوەی بازاڕ:- واتا خەملاندنی ئاراستەی خواست و خستنەڕوو و نرخەکان لە ئێستاو لە داهاتوودا.
2- دانانی هێڵی گشتی بۆ جێگرەوەی تەکنەلۆژیای بەردەست، و بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەگەری هەبوونی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنا (کەرەستەی سەرەتایی و هێزی کار... تاد).
3- دیاریکردنی سەرەتایی بۆ سەرمایە و تێچوونی بەگەرخستن بەدرواوی بیانی وەناوەخۆیی .
4- دیاریکردنی بەرایی دەسکەوت.
5- دیاریکردنی بەرایی قازانجی بازرگانی.

ئەم هێلکارییە لێکۆڵینەوەی کەڵکی بەرایی (دراسە الجدوی الاولیە)مان بۆ ڕووندەکاتەو بۆ هەڵبژاردنی پڕۆژەیەك بۆ نموونە لە نێوان شەش پڕۆژە .

**نموونە:**

| پرۆژەکان لە ژێر لێکۆڵینەوەن |
| --- |

**پرۆژەی:** (6-5-4-3-2-1)

| |
| --- |
| **لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بۆ بازاڕ** |
| 1- **خەملاندنی خواست و ئاراستەی لە داهاتوو.** |
| 2- **خەملاندنی خستنەڕوو و ئاراستەی لە داهاتوو.** |
| 3- **خەملاندنی نرخەکان و ئاراستەی لە داهاتوو.** |

**گریمان پرۆژەی** (6) **بازاڕی نیە بۆیە دووردەخرێتەوە**

**پرۆژەی** (-1-2-3-4-5) **دەمێننەوە.**

| |
| --- |
| *** لێکۆڵینەوەی هونەری و تەکنەلۆژیا** |
| **- ڕێگاکانی بەرهەمهێنان و پێداویستییەکانی** |
| **- هۆکارەکانی بەرهەمهێنان: (کەرەستەی سەرەتایی، وزە- کرێکار... هتد)** |
| **- هەڵبژاردنی ڕێگاکانی بەرهەم بە نزیك کراوەیی (شێوەی بەرهەمهێنان).** |
| **- بڕی بەرهەم و تێچوونی ئامێر و کەل و پەلەکان .** |

**گریمان پرۆژەی** (5) **کەرەسەی سەرەتایی نیە بۆیە دووردەخرێتەوە،**

**پرۆژەی:** (4،3،2،1) **دەمێننەوە.**

| |
| --- |
| **قازانجی بازرگانی** |
| - **تێچوونی بەرهەم هێنان.** |
| - **دەستکەوت (داهات).** |
| - **قازانجی بازرگانی.** |

**گریمان پرۆژەی** (3-4) **قازانجی کەمە بۆیە دووردەخرێتەوە،**

**پرۆژەی** (1-2) **دەمێننەوە.**

## قۆناغی سێ یەم: لێکۆڵینەوەی کەڵکی فرەوان ( تێروتەسەل )

لێکۆڵینەوەی کەڵکی فرەوان بە لێکۆڵینەوەیەکی دواتری لێکۆڵینەوەی کەڵکی بەرایی دادەنرێت ولەهەمان کاتدا لەو گشتگیرترە .

وە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام دەدرێت دوای دڵنیابوون لە کەڵکی پڕۆژەکە لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی کەڵکی سەرەتایی وە هەروەها دڵنیا بوون لە هەبوونی تەواوی پێداویستییەکانی بەرهەم هێنان وەك ( کەرەسەی سەرەتایی ، ووزە ، ئامرازەکانی گواستنەوە ....هتد ) .

ئەم لێکۆلینەوە سەرجەم بڕگەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەگرێتەوە بەڵام بەشێوەکی فراوانتر و گشتگیرتر.

گرنگترین بڕگەو بابەتەکای ئەم لێکۆلینەوە بریتییە لەم برگانەی خوارەوە .

### یەکەم :- ( لێکۆڵینەوەی ) بازاڕ :-

### دووەم : لێکۆڵینەوەی کەڵکی هونەری .کە دابەش دەبێت بۆ:

1- دیاریکردنی شوێنی پڕۆژەکە .
2- دیاریکردنی ووزەی ( توانای ) بەرهەمداری پڕۆژەکە .
3- دیاریکردنی قەبارەی پڕۆژە .
4- دیاریکردنی جۆری پێداویستییەکانی تەکنولوجیا کەوا بەکاردێت لە پڕۆژەکە .

### سێ یەم:- لێکۆڵینەوەی لایەنەکانی ڕێکخستن وکارگێڕی .

### چوارەم: لێکۆڵینەوەی کەڵکی کۆمەلایەتی:

### پێنجەم: لێکۆڵینەوەی کەڵکی ژینگەیی:

### شەشەم: لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری :-

گشت برگەکانی ئاماژە بۆ کراو لە سەرەوە شی دەکەینەوە وەك لە خوارە هاتووە.

### یەکەم :- ( لێکۆڵینەوەی ) بازار :-

بوونی بازاڕ بەمەرجێکی گرنگ هەژمار دەکرێت لە دامەزراندنی پڕۆژە جا ئەم بازارە دەرەکی بێت یان ناوەخۆیی بێت . وەمەرجی سەرکەوتنی یان هەرەسهێنانی پڕۆژە دەوەستێتە سەر فراوانی رادەی چالاکی بازاڕ ، وە زۆر هەڵەیە بیر لە پڕۆژەیەك بکەرێتەوە بەبێ ئەوەی خواست لەسەر بەرهەمەکانی نەبێت ( بازاری بەرهەمەکانی نەبێت ) .

بۆیە پێویستە لێکولێنەوەی بازار وشیکردنەوەی خواست لەسەر بەرهەمە چاوەروان کراوەکانی پڕۆژە بکرێت .

ئەم لێکوڵینەوەیە هەلدەستێ بە پێناسەکردنی کالاّی بەرهەمهاتوو ودیارکردنی سیفەتەکانی و جۆرەکانی و بەکارهێنانی و دیاریکردنی سوودەکانی و دیاریکردنی ئەو کەرەسە خاوانەی کە بەشداری دەکەن لەبەرهەمهێنانی.

لێكۆڵینەوەی بازار پشت دەبەستێ بە داتای مێژوویی بۆ بەرهەمی ناوەخۆیی كاڵاكە و رۆڵی بەشداریكردنی لە بازرگانی دەرەكی وە دیاریكردنی خواست لەسەر كاڵای بەرهەمهاتوو لە ماوەی داهاتوو، وە بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە داتای تایبەت هەیە بە قەبارەی دانیشتوان وە گەشەكردنیان و ئاستی داهاتی تاكە كەسی وە نرخی كاڵا ركابەرەكانی و ئارەزووی بەكاربەران و نەرمی خواستی نرخ و نەرمی خواستی داهات وە نەخشەی بەكاربردن..هتد.

گرنگی لێكۆڵینەوەی بازاڕ و دیاریكردنی خواست یارمەتیدەرە بۆ دیاریكردنی جۆر و مواسەفاتی ئامێرەكانی توانای بەرهەمهێنانی پڕۆژە دیاری دەكەن،

مەبەستی كۆتایی لە توێژینەوەی بازار پێشبینی كردنی قەبارەی خواستە لە ماوەی داهاتوو وە لە ئاستی نرخێكی دیاریكراو ، چونكە پێشبینی كردنی خواست سوود بەخش دەبێت بۆ دیاریكردنی قەبارەی داهاتی چاوەروانكراو بە مەبەستی بەراورد كردنی لەگەڵ تێچوونە چاوەروانكراوەكانی پڕۆژەكە، وە لە دوایدا دەركردنی بریاری كۆتایی قبولكردنی پڕۆژەكە بە دامەزراندنی یان رەتكردنەوەی .

پێشبینی كردنی خواست لەسەر بەرهەمی پڕۆژەكە بە چەند رێگایەك كە گرنگترینیان بریتین لە :-

أ- نمونەی پشت بەستان بەشارەزایی و خەملاندنی كەسی .

ب- نموونەی روو پێو كردن و فۆرمی را پرسی و زانیاری مەیدانی .

ت- نموونەی ئابووری بیركاری و ئابووری پێوانەیی ( الاقتصاد القیاسی ) .

## دووەم : لێكۆڵینەوەی كەڵكی هونەری :-

لێكۆڵینەوەی كەڵكی هونەری بریتییە لە لێكۆڵینەوەی لایەنە هونەرییەكانی پڕۆژە كە بە نیازە لەسەری دا بمەزرێت.

مەبەست لە لێكۆڵینەوەی كەڵكی هونەری دیاریكردنی گشت پێداویستیەكانی پڕۆژەكەیە بۆ هەردوو قۆناغی دامەزراندن و ئیش پێكردنی وەك زەوی و باڵەخانە، ئامێرو ئامرازەكان ، سووتەمەنی و ، خزمەتگوزاری و دەستی كار ، وە هەموو پێداویستیەكانی هونەری و تەكنیكیەكانی تایبەت بە پڕۆژە بۆیە ئەم لێكۆلینەوە بە كلیلی پێویست بۆ ئامادە كردنی لێكۆڵینەوەی ئابووری و هەڵسەنگاندنی كۆتایی دادەنرێت ، سەرەرای دیاری كردنی تێچوونەكانی سەرمایەی گشتی.

گرنگترین ئەو بابەتانەی كە لێكۆڵینەوەی كەڵكی هونەری لە خۆی دەگرێ بریتین لە :-

### 1- دیاریكردنی شوێنی پڕۆژەكە :-

دیاریكردنی شوێنی پڕۆژە بەیەكێك لە هۆكارە سەرەكیەكانی سەركەوتنی پڕۆژە دادەنرێ وە یەكێكە لە بنچینەكانی توێژینەوەكانی كەڵكی هونەری و ئابووری و كۆمەلایەتی بەیەكەوە .

گرنگی شوێنی پڕۆژە بۆمان دەردەكەوێ كاتێك هەڵە دەكەین لە هەڵبژاردنی شوێنی پڕۆژەكە، چونكە ئەستەمە هەڵەكە ڕاست بكرێتەوە پاش دامەزراندنی پڕۆژەكە، بۆیە پێویستە ئەم لێكۆڵینەوەیە هەموو ئەو هۆكارەكانە لە خۆ بگرێ كە پەیوەندیان هەیە بە دیاریكردنی شوێنی پڕۆژە وەك ڕووبەری زەوی و دەستكەوتنی كەرەسەی خاو و دووری و نزیكی لە بازار و سەر چاوەی ئاو و كەش و هەواو و وزە و سووتەمەنی و بەكارهێنانی دەستی كار و سەرچاوەكانی دابین كردن و خزمەتگوزاریە گشتیەكانی و دەستكەوتنی هۆكارەكانی گواستنەوە و ڕەچاوكردنی ئاسایش .....هتد .

**دیاریكردنی شوێنی پڕۆژە بە دوو قۆناغ دەبێت كە ئەمانەن :-**

**قۆناغی یەكەم :- دیاریكردنی ئەو ناوچەی كە بەنیازین پڕۆژەكەی لێ دامەزرێنین .**
**قۆناغی دووەم :-دیاریكردنی شوێنی پڕۆژەكە لە ناوچەی پێشنیاركراو .**

## 2- دیاریكردنی توانای بەرهەمداری پڕۆژە :-

**مەبەست لە توانای بەرهەمداری پڕۆژە دیاریكردنی ژمارەی یەكەی وەبەرهاتووە لە پڕۆژەكە لە ماوەی خوولێكی كاركردنی ئاساییدا .**

**گرنگی توانای بەرهەمداری پڕۆژە سەرچاوە دەگرێت لەو كاریگەریە زۆرەی كە هەیەتی لەسەر كەڵكی هونەری و ئابووری پڕۆژەكە وە ناكرێت ئەم لێكۆڵینەوەیە پشت گوێ بخرێت، چونكە راستەوخۆ پەیوەستە بە بازاڕ و خواست و دیایكردنی باشترین قەبارەی پڕۆژە وە تێچوونی سەرمایەداری و تێچوونی كار پێكردن و تێچوونی بەرهەمهێنان .**

**وەهەروەها دیاریكردنی توانای بەرهەم دەبێتە هۆی دیاریكردنی بڕی پێویست لە كەرەستەی سەرەتایی و ناوەندی بۆ بەرهەمهێنان و بەئەنجام هەڵبژاردنی جۆری ئامێر و كەل و پەلەكانی بەرهەمهێنان و دیاریكردنی توانستی بەرهەمهێنان ..هتد .**

## 3- دیاریكردنی قەبارەی بەرهەمی پڕۆژە :-

**قەبارەی پڕۆژە دیاری دەكرێ بە پێی بڕی بەرهەم واتا توانای بەرهەمداری لە لایەك وە ئابووری باشترین قەبارەی پڕۆژە لەلایەكی ترەوە. باشترین قەبارەی پرۆژەش بریتی یە لەو قەبارەیەی كە پڕۆژەكە تیایدا دەتوانێ بەرهەم بە كەمترین تێچوون بەرهەم بێنێت.**

**بەڵام ئەگەر قەبارەی پڕۆژەكە ئەوەندە گەورە بوو بە ئەندازەیەك كە وفوراتی قەبارەی گەورەی لێ بەدەست دەهات ، ئەوە لەو كاتەدا وا باشترە كە دوو پڕۆژە دابمەزرێندرێت یان زیاتر بۆ بەرهەمهێنانی هەمان بر ، بەڵام ئەوەش دەوەستێتە سەر چەندین هۆكاری تر وەك ئاستی پەرت و بڵاو بوونی یان چڕی خواست لە شوێنێكی دیاریكراو، و ڕادەی بوونی بنەما سەرەكیەكانی دامەزراندنی زیاتر لە پڕۆژەیەك وەك كەرەسەی خاو لە ناوچەی پڕۆژەكە وە لەگەڵ رەچاو كردنی چەندین هۆكاری تری پەیوەست بە پڕۆژەكە .**

## 4- دیاریكردنی جۆری پێداویستییەكانی تەكنولۆجیا كەوا بەكاردێت لە پڕۆژەكە :-

**لێكۆڵینەوە لە جێگرەوە تەكنیكەكان لە پڕۆژەی پێشنیار كراو سەرچاوە دەگرێ لە ڕاستیەك ئەویش ئەوەیە كە تەنها ڕێگەیەكی هونەری نیە بۆ بەرهەمهێنانی كاڵایەك ، بەڵكو چەندین شێواز هەیە بۆ بەرهەمێنان كە هەریەكێك لەم شێوازانە تایبە تمەندی و سروشتی تایبەتی خۆی هەیە .**

**وە هەر لەسەر ئەو بچینەیە ئەو لێكۆڵینەوەیە پەیوەستە بەسروشتی و جۆری ئامێرو ئامرازەكان وە باردۆخی كار كردنیان وە چاك كردنەوەیان وە پێداویستیەكانیان لە كەرەسەی خاو و دەستی كار و پارچەی یەدەگ ، سەرەرای تەمەنی**

بەرهەمهێنانی پرۆژەکە و جۆری ئەو بەرهەمانەی کەبەرهەمی دێنێ ، سەرەڕای پێویستەکانی بەرهەم هێنان لەباڵەخانە و دامەزراوەکان بە پێی مواصفاتی تایبەت وەك پلەی گەرمی و شێ و جۆری بای ناوچەکە.
ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگی دەدات بە پێویستیەکانی تری پرۆژە وەك ووزەی کارەبا سەرچاوەی سوتەمەنی وە پێداویستیە خزمەتگوزاری و کارگێریەکانی تر .

## سێ یەم :- لێکۆڵینەوەی لایەنەکانی ڕێکخستن وکارگێڕی :-

بایەخ و گرنگی لایەنی کارگێڕی و ڕێکخستنی پرۆژەکان لە گرنگی بەڕێوەبردنی پرۆژە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەدەر دەکەوێت ، چونکە بەڕێوەبردن بە کلیلی سەرکەوتنی پرۆژە دەژمێردرێت لە کاتی ئیشکردنیدا .
چونکە ئەزموونی ئەو دامەزراوانەی کە لە بواری پەرەپێدان و پارەپێدان دەیسەلمێنن کە هەڵسەنگاندنی ئابووری بۆ پرۆژەکان بە تەنها نابێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆژەکە بەڵکو پێویستە ڕەچاوی لایەنی جێبەجێ کاریش واتا کارگێڕی ، چونکە کارگێڕی باش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی تێچوون و زیاد کردنی قازانج ، وە بۆ دلنیابوون لەسەر کەوتنی پرۆژەکە پێویستە گرنگی تایبەت بدرێت بە دەستەی کارگێڕی .
وە دەبێ ئەوە بزانین کە هەرچەندە پێشبینی بازار و پەیکەری دارایی و هونەری پرۆژەکە لە شوێنی خۆیان بن بەڵام ئەم بەتەنها نابێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆژەکە بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆریش پشت دەبەستێ بەکارگێڕی باش ، چونکە کارگێڕی باش بەلایەنی کەمەوە دوو سوودمان پێ دەگەینێ :-
1-کەم کردنەوەی کێشەو گرفتەکان لە قۆناغی بەرهەمهێنان .
2- دروست کردنی هەماهەنگی لە نێوان هۆکارەکانی بەرهەم هێنان وە دیاریکردنی پێداویستەکانی پرۆژە تا وەکو لایەنی پەیوەندار بتوانێ پێداویستییەکان دابین بکات .

## چوارەم : لێکۆڵینەوەی کەڵکی کۆمەلایەتی :

لێکۆڵینەوەی کەڵکی کۆمەلایەتی گرنگی بە داد پەروەری دابەشکردنی داهات دەدات لەنێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.
گرنگترین لایەنەکانی کۆمەڵایەتی کە پێویستە هەڵسەنگێنەر بایەخی پێبدات بریتین لە :
أ- کاریگەری پرۆژەکە لەسەر پەیداکردنی هەلی کاری نوێ ، و دیاری کردنی ژمارە و جۆری کریکارانی پێویست بۆ پرۆژەکە و دیاری کردنی ڕێژەی کرێکاری ئاسایی ( ناکارەمە یان نا شارەزا ) لەنێو ژمارەی گشتی پێویست.
ب- کاریگەری پرۆژەکە لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی داهات لەبەرژەوەندی چینە کەم دەرامەتەکانی کۆمەڵگا.
ت- تاچەند بەرهەمی پرۆژەکە لەخزمەتی چینە کەم دەرامەتەکانی کۆمەڵگادا دەبێت.

## پێنجەم : لێکۆڵینەوەی کەڵکی ژینگەیی :

مەبەست لە هەڵسەنگاندنی ژینگەیی بریتی یە لە هەڵسەنگاندنی کاریگەریەکانی پرۆژە لەسەر تەندروستی گشتی و پارێزگاریکردنی ژینگە وبەختەوەری دانیشتووان لەشوینی دامەزراندنی پرۆژەکە.

**گرنگترین لایەنەکانی لێکۆڵینەوەی ژینگەیی کە پێویستە هەڵسەنگێنەر بایەخی پێبدات بریتین لە :**

1- **دیاری کردنی ئاسەواری لایەنەکانی ژینگەیی کە بەهۆی پرۆژەوە سەر هەڵدەدات وە هەروەها خەملاندنی تێچوونی ڕاستەقینەکەی.**
2- **پێشنیار کردنی ڕێگا چارەی ( میکانیزمی ) پێویست بۆ کەم کردنەوەی ئەو زیانانەی سەرهەڵدەدەن لەئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆژەکە.**
3- **هەڵسەنگاندنی ژینگەیی پرۆژە یارمەتی دەرە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی تری جێگرەوە ، ئەگەر هاتوو ئاسەوار و زیانەکانی ژینگەیی بەرز بێت لەسەر پاراستنی ژینگە.**
4- **هەموو پرۆژەیەك کاریگەری وئاسەواری پۆزەتیڤ ونەگەتیڤی دەبێت، بۆیە هەڵسەنگاندنی ژینگەیی پرۆژە یارمەتیدەرە بۆ پێشنیارکردنی راسپاردەو هەنگاوی پێویست بۆ نەهێشتن یان کەم کردنەوەی ئەو زیانانەی سەرهەڵدەدەن لەئەنجامی جێبەجێکردنی هەر پرۆژەکە وەهەروەها زیاد کردنی سوودە ژینگەییەکانی .**

## شەشەم: لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری :-

**مەبەست لە لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری دووبارە دارشتنەوەی زانیاری و داتاکانی کە لە لێکوڵینەوەکانی رابردوو ئامادە کراون بە شێوەی نەختینەیی وە بەراورد کردنی لەگەڵ سوودەکانی پێشبینیکراو بۆ پرۆژەی پێشنیار کراو و دەرکردنی بڕیاری گونجاو دەربارەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکە یان جێبەجێنە کردنی یان هەموار کردنی یان دواخستنی پاڵپشت بە پێوەر و بنەما ئابووریەکانی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان .**

**وە دەتوانین لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری بۆ دوو قۆناغ دابەش بکەین :-**

**قۆناغی یەکەم: ناسینی شوێنەواری سوودو تێچوونی دامەزراندنی پرۆژە ( واتا دیاریکردنی سوود و تێچوونەکان ).**

**قۆناغی دووەم: دیاریکردنی هەڵسەنگاندنی ( نرخاندنی )کاریگەری پرۆژەکە**

**وە لەخوارەوە هەریەك لەم دوو قۆناغە شی دەکەینەوە بە جیا بە هەموو بڕگەکانیەوە :-**

**قۆناغی یەکەم: ناسینی ناسینی شوێنەواری سوودو تێچوونی دامەزراندنی پرۆژە :-**

### دیاریکردنی تێچوونەکانی پرۆژە: تێچوونەکان دابەش دەکرێن بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە:-

1- **تێچوونەکانی وەبەرهێنان :- ئەم جۆرە لە تێچوون بریتییە لە تێچوونی پێویست بۆ دامەزراندنی پرۆژەو تا وەکو دەگاتە قۆناغی بەرهەمهێنان واتا ئامادە کردنی بۆ کارکردن کە پێ دەوترێ تێچوونی سەرەتایی ( خەرجی بەرایی ) . وە ئەمەش دەبێتە دوو جۆر کە ئەمانەن :**

### أ- تێچوونی سەرمایەداری نەگۆڕ( جێگیر ) :-

**کە بریتیە لەم بڕگە سەرەکیانەی خوارەوە:**

**- تێچوونەکانی زەوی و کاری ئەندازەی شارستانی (لە بینا و بالەخانەکانی پرۆژە و ریگا ناوخۆییەکان هێڵەکانی گواستنەوە نووسینگەو و گۆرەپان وعەمبار وکۆگاکانی کەرستەی خاو و بەرهەمی ئامادەکراو .....هتد لە خزمەتگوزاری پێویست بە تێچوونەکانی دامەزراندن).**

**- تێچوونەکانی مەکینە و ئامێرو کەل وپەلی پێویست بە پرۆژەکە.**

**- تێچوونەکانی راکێشان و دامەزراندنی ئاو کارەبا وتەلەفۆن و کەل و پەلی نووسینگە.**

**- تێچوونی مەشق وراهێنان و سەرپەرشتی تێچوونەکانی بەرهەم هێنانی سەرەتایی وئەزموونی .**

**- خەرجیەکانی تۆمارکردن وبەدەست هێنانی زانیاری وداتاکان لە دامودەزگا فەرمیەکان و بەدەست هێنانی رەزامەندی دامەزراندن.**

**- تێچوونەکانی کارگێری جیاواز تا سەرەتای دەستپێکردنی بەکارخستنی فیعلی .**

**- تێچونەکانی دابین کردنی پارچەی یەدەگی پێویست بۆ ساڵی یەکەمی تەمەنی پرۆژەکە .**

**هەروەها هەندێ جار رێژەیەکی دیاریکراوی لە کۆی گشتی تێچون زیاد دەکرێت بۆ داپۆشینی ئەگەری بوونی هەڵە لە خەمڵاندن یان نا دروستی داتاکان، بری رێژەکەش بەندە بە پلە و ئاستی راست ودرووستی ژمارە خەملێندراوەکان بەدرێژایی ماوە و قۆناغەکانی دامەزراندن و ئاستی پێشبینیەکان لەسەر بەرزبوونەوەی نرخەکان ، رێژە زیادکراوەکەش لە نێوان(5%) تا کو (25%) لەکۆی تێچوونی سەرمایەی خەملێندراو :-**

## أ- تێچوونی سەرمایەی بەگەرخستن(کارکردن) :-

**بریتییە لەم سەرمایەی کەوا خەرج دەکرێ بۆ بەگەرخستنی پرۆژە لەماوەی خولێکی وەبەرهێناندا ، کەوا هەندێ جار پێ دەوترێ سەرمایە بەکارخراو یان پێ دەوترێ هەبووەکانی ماوەی کورت خایەن .**

**وە ئەم جۆرە لە تێچوون هەموو ئەو سەرمایە دەگرێتەوە کەوا خەرج دەکرێ بۆ بەدەست هێنانی کەرەسەی سەرەتایی وناوەندی یاخود نیمچە دروست کراو وە هەروەها کەرەسەی یارمەتیدەر وەك مادەی کیمیاویەکان وە هەروەها بری نەختی تەرخانکراو بۆ کرێی فەرمانبەر و کرێکارەکان وە هەروەها پارەی خەرج کراوە لەسەر تەلەفۆن و پۆست و هەموو پێداویستییەکانی کانی تری پرۆژەکە.**

**وە تێبینی دەکەین کە ئەو برە پارەیە کە خەرج دەکرێ لە خولێکی بەرهەم هێنان دووبارە دەستمان دەکەوێتەوە لە کاتی فرۆشتنی بەرهەم وە دەتوانین دووبارە لە خولێکی بەرهەمهێنان بەکاری بێنینەوە . وە هەر چەندە ئەو تێچوونانە بە تێچوونی سەرمایەداری گۆراو دادەنرێ بەلام لە کۆتایی تەمەنی پرۆژەکە دووبارە دەستمان دەکەوێتەوە هەروەکو هەبووەکانی ناو پرۆژەکە .**

## 2- تێچوونەکانی بەگەرخستن وچاك کردنەوە: ئەم جۆرە لە تێچوون دابەشدەکرێت بۆ دوو جۆر کە ئەمانەن:

## ا- تێچوونەکانی بەگەرخستنی جێگیری ساڵانە:-

ئەم جۆرە لە تێچوون بەشەکانی (ڤیستەکانی ) ساڵانەی یان مانگانەی جێگیر و نەگۆرە واتا کاریگەری نابێت بە قەبارەی بەرهەمهێنان یان توانای بەرهەم داری پڕۆژەکە.

وە ئەمەش بریتییە لە سووان یان داخورانی ساڵانە (اندثار ) وسووی سەرمایە و ڤیستی دڵنیایی بوون وکرێ و مووچەی فرمانبەر و کرێکارە هەمیشەییەکان وخەرجییە کارگێرییەکانی پڕۆژەکە وە .....چەندەها شتی تر.

## ب- تێچوونەکانی بەگەرخستنی گۆراو:

ئەم خەرجیانە راستەوخۆ پەیوەندیان هەیە بە قەبارەی بەرهەم وەك تێچوونەکانی کەرەسەی خاو و کەرەسەی سەرەتایی و مەوادی کیمیاوی و مەوادی نیمچە دروست کراو و مەوادی پرکردن و بەرگکردن وە هەروەها خەرجی چاك کردنەوە وسووتەمەنی وهەڵم وکارەبا و..هتد.

## دووەم: سوودەکان (المنافع ) :

سوودەکانی پڕۆژە دەخەملێندرێ لە ژێر ڕۆشنایی بڕی بەرهەم لە بەرهەمە سەرەکیەکان و بەرهەمە لاوەکییەکان و لەژێر ڕۆشنایی نرخی فرۆشتن .

جێی ئاماژەیە کە بڕی بەرهەم پەیوە ستە لەلایەك بە قەبارەی پڕۆژە کە لە لێکۆلینەوە هونەری دەست نیشان کراوە وهەروەها لەلایەکی تر پەیوەستە بە ڕێژەی توانای بەکارهاتوو لە توانای گشتی رەخساو، بۆیە بڕی دەستکەوتوو و سوودە چاوەروانکراوەکان لە گۆران و بەرز ونزمی دا دەبێت لە سالێکەوە بۆ سالێکی تر، وەهەروەها لەوانەیە هۆی گۆرانکاریەکە بەهۆی گۆرانکاری ئاستی نرخەکان بێت نەك قەبارەی بەرهەمەکانی پڕۆژەکە.

## ب- قۆناغی دیاریکردنی هەڵسەنگاندنی کاریگەری پڕۆژەکە :-


لەم قۆناغەدا هەڵدەستین بەگۆڕینی بڕگەکانی تێچوون و سوودەکانی پڕۆژە بۆ یەکەیەکی نەختینەیی لەیەکچوو( متجانس ) بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی بەراوردی نێوان تێچوون و سوودەکانی پڕۆژە بکەین لەگەڵ یەکتری ، بەمەبەستی بەدەست هێنانی بەهای دەستکەوتی گشتی و تێچوونی گشتی واتا( کۆی سوودەکان و تێچوونەکان بزانین ) .

## قۆناغی چوارەم : قۆناغی هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی بریار

پرۆسەی هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی بریار لەڕێگەی چەند پێوەرێك ئەنجام دەدرێت کە پێی دەوترێ پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی پڕۆژە .

**پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی پڕۆژە** : بریتییە لە کۆمەلێك پێوەر کەوا بەکاردێت بۆ هەڵبژاردنی پڕۆژەکان لە نێوان پڕۆژە جێگرەوەکانی ، کە لە ڕێگەی ئەم پێوەرانەوە دەرامەتی پێویست بۆ پڕۆژەکان تەرخان دەکرێت بۆ وەبەرهێنان .

وە ئەم پێوەرانە یەکێکیان جێگرەوەی ئەویتر نیە بەڵکو ئەم پێوەرانە تەواوکەری یەکترن لەبەر ئەوەی هەریەکەیان گرنگی بەلایەنێك دەدات یان چەند لایەنێك دەدات لەلایەنە ئابوورییەکان وە ئەو پێوەرانەش دەبێتە دوو بەش کە ئەمانەن :-




## یەکەم: پێوەرە بەشەکییەکان:-

پێوەرە بەشەکیەکان :- ئەو پێوەرانە خاوەنی سروشتی بەشەکین ، وەسەرچاوە دەگرن لەبەکارهێنانی بڕی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، تەرکیز دەکاتە سەر شیکردنەوەی هۆکارێکی دەگمەنی بەرهەمهێنان، ، وەهەڵدەستێت بە خەمڵاندنی یان دیاریکردنی تێکڕای داهاتی چاوەڕوانکراو لەبەکارهێنانی ئەو هۆکارە واتا هەڵدەستێ بە پێوانی بەرهەمداری هۆکارێك لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان . هەر بۆیەش پێیان دەوترێت پێوەرە بەشەکیەکان .

گرنگترین پێوەرە بەشەکییەکان ئەمانەن :-

### 1- پێوەری جری هۆکارەکانی بەرهەمهێنان :-

بەگوێرەی ئەم پێوەرە گرنگی دەدرێت بەکارهێنانی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان کەوا ڕێژەی زۆری هەیە، وە هەروەها گرنگی دەدرێت بە فاکتەرەکانی دەگمەن کەوا گرنگی تایبەتی هەیە لە پرۆژەکەدا ، بۆ نموونە پرۆژەیەك بە سەرکەوتوو دادەنرێت و بایەخێکی زۆری پێدەدرێت ئەگەر هاتوو کەمترین بڕی سەرمایە بەکار بهێنێت کە بەفاکتەری دەگمەن دەژمێردرێت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ( پاشکەوتوو ) وە لەهەمان کاتدا بەرزترین ڕێژەی دەستی کار بەکار بهێنێت کە بەفاکتەری هەبو و فرەوان دەژمێردرێت ،

بەم شیوەیە پرۆژەکان ریزبەند دەکرێن بە شێوەیەکی پێچەوانەی ڕێژەی سەرمایە پێویست ، واتا ئەو پرۆژەی کەوا کەمترین بڕی سەرمایەی پێویست بێت بۆ بەرهەمهێنان بە باشترین پرۆژە دادەنرێت.

**کەم و کوورتیەکانی ئەم پێوەرە:**

1- سەختی جێ گۆرکێ لە نێوان هۆکارەکانی بەرهەمهێنان ئەمەش بە هۆی بەربەستی هونەری..

2- ئەم پێوەر گونجاو نیە بۆ ڕێگە گرتن و کەم کردنەوەی دیاردەی بێکاری لە ماوەی درێژخایەن، چونکە وەبەرهێنان لەو پرۆژانەی کە بەچری دەستی کار بەکار دەهێنن دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەکاربردنی ئێستا وە کەم بوونەوەی تێکڕای پاشەکەوت ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی تێکڕای کەڵەکەبوونی سەرمایە ئەویش دەبێتە هۆی کەم بوونی هەلی بەکارخستن لە داهاتوودا ئەویش دەبێتە هۆی دابەزینی تێکڕای وەبەرهێنانی نوێ و لە کۆتایدا دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی داهاتی نەتەوەیی .

3- وە ئەوەی شایەنی باسە ئەم پێوەرە تایبەتمەندی ئابووری پرۆژەی قەبارەی گەورە پشت گوێ دەخات کە سەرمایە بە چری تیایاندا بەشداری دەکات ..

## 2- پێوەری تایبەتمەندی دراوی بیانی :-

ئامانجی ئەم پێوەرە بریتییە لە هەڵبژاردنی ئەم پرۆژانە کەوا کەمترین بڕی دراوی بیانیان پێویستە یان ئەو پرۆژانەی کە زۆرترین داهات لە دراوی بیانی بەدەست دێنن لەمیانەی بەرهەمهێناندا ، چ لە ڕێگەی کاڵایەك کە هەناردەی دەرەوە بکرێت یان جێگای کالا هاوردە کراوەکان بگرێتەوە کەوا دەبێتە هۆی بەهەدەردان و چونە دەرەوەی دراوی بیانی .

یان لە ڕێگای بەرهەمهێنانی ئەو کالایانەی کە بۆ هەناردەکردنن ، یان لە ڕێگای بەرهەمهێنانی ئەو کالایانەی کە جێگای کالای هاوردەکان دەگرنەوە کە پێویستیان بە بڕێکی زۆر لە دراوی بیانی یە وە ئەو پێوەرە ڕەنگە لەگەڵ ئەو وولاتانە بگونجێ کە ڕەسیدیان کەمە لە دراوی بیانی وە دەیانەوێت ڕەسیدیان زیاد بکەن لەو دراوە بۆ هاوسەنگ کردنەوەی تەرازووی پێدانیان ،

ئەو پێوەرە چەند بیانویەکی هەیە بۆ جێ بەجێ کردنی لە وولاتانی دواکەوتوو، بە تایبەتی ئەو وولاتانەی کە بە کورت هێنانی تەرازووی پێدانیان دەناڵێنن لە ماوەی درێژخایەن، وە هیچ هیوایەکیان نیە بە هاوسەنگکردنەوەی، بەڵام ئەگەر کێشەی کەمی دراوی بیانیەکەیان کاتی بوو وە چاوەڕوان دەکراو لە داهاتوودا چارەسەر بکرێت، ئەوا لە حالەتەدا هیچ بیانوویەك قبوڵ نیە بۆ پشت بەستن بەو پێوەرە بۆ هاوسەنگ کردنەوەی تەرازووی پێدان،

ئەو پێوەرەش چەند ڕەخنەیەکی ئاراستە کراوەن هۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ڕاستە هاوردەکردنی هەندێ کالا بڕی دراوی بیانی زۆری پێویستە وەك فرۆکە بەڵام دامەزراندنی پرۆژەیەك بۆ دروست کردنی فرۆکە دراوی بیانی زۆرتری پێویستە و پێچەوانەی بنەمای ئەم پێوەرەیە، بۆیە پێویستە ووردتر بین لە توێژینەوەکانمان سەبارەت ئەم پێوەرە.

## 3- پێوەری کەرەسەی سەرەتایی :-

پێوەری بوونی کەرەسەی سەرەتایی پێویست بۆ دامەزراندی پرۆژە بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت لە هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان

بە پێی ئەو پێوەرە ئەوپرۆژانە بەباش دەزانرێت وهەڵدەبژێرین کە زۆرترین کەرەسەی خاوی پێویست بۆ دروست کردنی کاڵاکە لە ناوخۆدا هەبێت، وە ئەو پرۆژانە پشت گوێ دەخەرێت کە کەرەستەی خاویان لە دەرەوە دەکرێت ، چونکە ئەو

پرۆژانەی کەرەسەی خاویان لە ناوەخۆ دەست دەکەوێ بەهای زیادەی زۆر زیاترمان دەدەنێ بە بەراورد لەگەڵ پرۆژەکانی تر، سەرەرای دلنیابوون لەبەر دەوام بوونی پرۆژەکە، چونکە کەرەسە خاوەکانی بە برو جۆری پێویست لە ناوخۆ دەست دەکەوێت . ئەو پیشەسازیانەی کە زۆر پێویستیان بە کەرەسەی خاوە ئاماژەی بۆ کراوە لەخوارەوە :-

- ئەو پیشەسازیانەی کە برێکی زۆر لە کەرەسەی خاو بەکار دەهێنن وە کێشیان زۆر قورسە وەك پیشەسازی چیمەنتۆ و کەرپوچ .
- ئەو پیشەسازییانەی کە برێکی زۆر لە کەرەسەی خاویان بە فیرۆ دەچێ واتا کەرەسەی خاوی بە فیرۆ چووە زیاترە لە کەرەسەی خاوی بەکار هاتووە وەك پیشەسازی ((مس)) کە رێژەی کانزای خاو لە ناویدا لە نێوان 0.5% - 7% بۆیە پێوستە پیشەسازی مس راستەوخۆ ببەسترێتەوە بە کانەکانەوە (مكامن الخامات) .
- ئەو پیشەسازیانەی کە کەرسە خاوەکانیان بە خێرایی تێك دەچێت وەك پیشەسازی قوتوبەندی سەوزەو میوە پیشەسازی بەرهەمە شیرە مەنیەکان وەپیشەسازی گۆشت ، چونکە ئەو جۆرە کەرەسە خاوانە ناتوانرێت بەمەودایەکی دوور بگوازێتەوە .
- ئەم پیشەسازیانەی کەوا پشت بە بەرهەمی پیشەسازیەکانی تر دەبەستن بۆ دروست کردنی کاڵایەکی تر واتا وەك کەرەسەی خاو بەکار دێن بۆ دروست کردنی کاڵای تر .
- ئەم پیشەسازیانەی کەوا بەرهەمەکانیان وەکو کەرەسەی خاو بەکاردێت جارێکی تر لە پیشەسازیەکی تردا .

## 4- پێوەری قەبارەی پرۆژە و پلەی ئالۆزی لە کردارەکانی بەرهەمهێنان :-

چەمکی ئەو پێوەرە بنچینەکەی وەرگیراوە لە بیردۆزی پلەبەندی (تدرج) وە ناوەرۆکی ئەو بیردۆزە ئەوەیە کە وولاتانی تازە پێگەیشتوو پێویستە لە پرۆژەی قەبارە بچوکەوە دەست پێ بکەن ، چونکە ئەم جۆرە پرۆژانە پێویستیان بە لێهاتوویی وزانیاری تەکنیکی زۆر نیە وە کردارە هونەریەکانی سادەنە و ئالۆزنین ئینجا هەنگاو بە هەنگاو تا پێش دەکەوێت وە شارەزایی تەکنیکی و کادری هونەری و سەرمایەی پێویست کۆدەکاتەوە پاشان دەست بە پرۆژەی قەبارە گەورەتر بکات ، چونکە پرۆژەی قەبارە گەورە پێویستی بە سەرمایەو لێهاتوویی هونەری زۆر هەیە.

ئەوانەی پشتگیری لەو بیردۆزە دەکەن بیانوو دەهێننەوە بەوەی کە وولاتانی تازە پێگەیشتوو بە دەست کەمی لێهاتوویی و سەرمایە دەنالێنێ کە پرۆژەی گەورە پێویستیەتی .

بەڵام گریمانەکانی ئەم بیردۆزە لە ژیانی راستەقینەدا جێ بە جێ نابن بەڵکو پێچەوانەکەی راستە وەك ئەزموونی وولاتانی کۆریای باشوور و هۆنگ کۆنگ و تایوان و سەنگافورە .

هەروەها رەخنە لەو پێوەرە دەگیرێ کە دەبێتە مایەی بەردەوام بوونی دواکەوتوویی وولاتانی تازە پێگەیشتوو وە کەلێن لە نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو دوا کەوتوو زیاتر دەکات بە هۆی بێ بەش بوون لە تایبە تمەندیەکانی بەرهەمی پرۆژەی قەبارە گەورە کە پرۆژە گەورەکان پێمان دەبەخشن وە لەبەر ئەوەی پەیوەندی راستەوانەو بەهێز هەیە لە نێوان قەبارەی پرۆژە و ئابووری وولات .

**دووەم : پێوەرە هەمووەکیەکان ( پێوەری قازانجی بازرگانی و قازانجی نەتەوەیی )**

هەردوو پێوەری قازانجی بازرگانی و قازانجی نەتەوەیی بەکاردێت بۆ پڕۆژەکان بەمەبەستی ریزبەندی کردنیان وە هەلبژاردنی باشترینیان وە ئەو دوو پێوەرە هەندێ جار پێیان دەووترێ پێوەری هەڵسەنگاندنی دارایی و پێوەری هەڵسەنگاندنی ئابووری وە پێش ئەوەی باسی بنەماکان و شێوازەکانی هەژمارکردنی هەرەیەکێکیان بکەین پێویستە بەکورتی باسی لایەنەکانی لێك چوونی و جیاوازی هەردوو پێوەر بکەین :-

1-هەردوو پێوەری قازانجی بازرگانی و نەتەوەیی لەیەك دەچن لە رووی شێوازەوە وە هەردووکیان هەوڵ دەدەن تێچوون و داهاتەکانی پڕۆژەی پێشنیار کراو دیاری بکەن واتا قازانجەکەی، بۆیە هەندێك ئابووریناس پێیان وایە کە شیکردنەوەی بازرگانی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی شیکردنەوەی نەتەوەیی .

2- جیاوازی نێوان هەردوو پێوەر دەتوانین لە چەند خالێك روون بکەینەوە :-

أ- ئامانج لە شیکردنەوەی قازانجی بازرگانی دیاری کردنی پوختەی قازانجە بەلام ئامانج لە شیکردنەوەی قازانجی نەتەوەیی دیاری کردنی رێژەی بەشداری کردنی پڕۆژەکەیە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەلایەتی .

ب- شیکردنەوەی قازانجی بازرگانی تەنها رەچاوی کاریگەریە نەختینەیە راستەوخۆکانی پڕۆژەکە دەکات، بەلام شیکردنەوەی قازانجی نەتەوەیی کاریگەرییە راستەوخۆ و ناراستەوخۆکان رەچاو دەکات وە ئەوانەی دەپێورێن و ناپێورێن .

ت- قازانجی بازرگانی پشت دەبەستێ بە نرخی بازار ، بەلام قازانجی نەتەوەیی پشت دەبەستێ بە نرخی راستکراو کە گوزارشت دەکات بەشێوەیەکی نزیك لەنرخی کۆمەلایەتی .

پ- کێشەی دابەزینی بەهای دراو بەتێپەر بوونی کات لە شیکردنەوەی قازانجی بازرگانی چارەسەر دەکرێت لەرێگای بەکار هێنانی نرخی باو لە بازاری سەرمایە (نرخی سوو)، بەلام ئەم کێشەیە لە شیکردنەوەی قازانجی نەتەوەیی چارەسەر دەکرێت لە رێگای نرخی هەموارکراو (نرخی داشکانی کۆمەلایەتی)، کە پێناسە دەکرێت بە بەهای ئەو کێشەی(وزن) کەکۆمەلگا دەیبەخشێت بە داهات وتێچوونەکانی ئایندە، یان بە واتایەکی تر بریتییە لە تێکرای دابەزینی ئەو کێشەی کە کۆمەلگا دەیبەخشێت بە داهات وتێچوونەکانی ئایندە بەدرێژایی تێپەربوونی کات )

*** پێوەری قازانجی بازرگانی :-**

پێوەری قازانجی بازرگانی: بریتییە لە پوختەی قازانجی پێشبینیکراو پاش لێدەرکردنی باجەکان وە لێدەرکردنی تێچوونەکان وە هەروەها رێژەی سووان .

چەند پێوەرێکمان هەیە بۆ هەژمارکردنی قازانجی بازرگانی، بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بەسەر دوو کۆمەلە :-

**کۆمەڵەی یەکەم :- پێوەرە نەجولاوەکان.**

**ئەو پێوەرانەیە کە ڕەچاوی دابەزینی بەهای دراو ناکەن بە تێپەر بوونی کات. ئەم کۆمەڵەیە ئەم پێوەرانە دەگرێتەوە کە ئەمانەن :-**

**1- تێکڕای داهاتی سادە ( معدل العائد البسیط ) :-** ( Simple Rate of Return )

**بریتییە لە ڕێژەی پوختەی قازانجی ساڵانەی پڕۆژەی پێشنیارکراو بە بەراورد بە تێچوونی خەملێندراوی سەرەتایی پڕۆژەکە. وە چەند ڕێگایەکمان هەیە بۆ هەژمارکردنی تێکڕای داهاتی سادە:-**

**ڕێگای یەکەم :- بریتی یە لە ڕێژەی پوختەی قازانجی ساڵانە بە بەراورد لەگەڵ تێچوونی سەرەتایی پڕۆژە وە دەتوانین بەم یاسایە بیدۆزینەوە :-**

**شێوەی یەکەم :**

$$\text{ت. د. س} = \frac{\text{پوختەی قازانج}}{\text{تێچوونی خەملێندراوی سەرەتایی}}$$

$$S.R.R = \frac{Q(P-AC)}{K}$$

S.R.R = **ت.د.س تێکڕای داهاتی سادە .**

Q= **قەبارەی بەرهەمی ساڵانە لە کاڵاو خزمەت گوزاری**

P= **نرخی فرۆشتنی یەك یەکە لەبەرهەم .**

AC= **تێچوونی دروست کردنی یەك یەکە لەبەرهەم .**

K= **سەرمایەی سەرەتایی خەملێنراو بۆ پڕۆژە .**`

**نموونە :**

**ئەگەر هاتوو تێچوونی سەرەتایی خەملێندراو بۆ پرۆژەیەك** (300000) **یەکەی دراو بێت و قەبارەی بەرهەمی خەملێندراوی ساڵانەی پڕۆژەکە**(100000) **یەکەی بەرهەم بێت ، وە نرخی فرۆشتنی یەك یەکە بریتی بێت لە** (0.8) **یەکەی دراوی، وە تێکرای تێچوونی یەك یەکە بریتی بێت لە** (0.5) **یەکەی دراوی وە هەروەها نرخی باوی سوو لە بانکە بازرگانیەکان** (8%) **بێت .**

**داواکراو: ئایا پێشنیار دەکەی پڕۆژەکە دابمەزرێ یاخود ڕەتی دەکەیتەوە بەگوێرەی پێوەری تێکڕای داهاتی سادە.**

**شیکار:**

$$\text{ت .د.س} = \frac{\text{پوختەی قازانج}}{\text{تێچوونی خەملێندراوی سەرەتایی}}$$

$$S.R.R = \frac{Q(P-AC)}{K}$$

$$S.R.R = \frac{100000(0.8-0.5)}{300000} = \frac{100000(0.3)}{300000} = \frac{10}{100} = 10\%$$

**لەبەر ئەوەی تێکرایی داهاتی سادە بریتییە لە 10% وە گەورەترە لە نرخی سوو ( فائدە ) کەوا بریتییە لە 8% بۆیە پێشنیار دەکەین بە دامەزراندنی پرۆژەکە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێوەرە .**

**تێبینی : لێرەدا پێویستە ئاماژە بە گرنگی بە هەلبژاردنی ساڵی گونجاو بکەین بۆ دیاریکردنی تێکڕای داهاتی سادە ، چونکە ساڵی هەلبژێردراو لە بری سەرجەم ساڵەکان بەکاردێت**

**وە ئەو یاسایە وا گریمان دادەنێت کە قەبارەی بەرهەم و نرخی فرۆشتن و تێچوونی بەرهەمهێنان بە درێژایی تەمەنی پرۆژەکە ناگۆڕێت ، ئەوەش دوورە لە ڕاستی ، چونکە هەرسێ گۆڕاوی ( Q,P,AC ) بە بەردەوامی دەگۆڕێن لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر ، بۆیە پێویستە یاسایەکی گونجاوتر بە کاربهێنرێ و گشت ئەو گۆڕاوانە لەبەرچاو بگرێ ئەویش بریتییە لە شێوەی دووەم وەك لەخوارەوە روون کراوەتەوە**

**شێوەی دووەم :**

$$S.R.R = \frac{\sum Qi(Pi-ACi)}{N} / K$$

S.R.R **= ت .د.س = : تێکڕای داهاتی سادە**

$\sum$ **= کۆی بەدەست هاتوو.**

Q **= قەبارەی بەرهەم لە کالاّ وخزمەت گوزاری لە هەرساڵێك لەساڵەکانی تەمەنی پرۆژە .**

P **= نرخی یەك یەکە لەبەرهەم لە هەر ساڵێك لە ساڵەکانی تەمەنی پرۆژە .**

AC **= تێچونی یەك یەکە لەبەرهەم لە هەر ساڵێك لە ساڵێك لە ساڵەکانی تەمەنی پرۆژە .**

N **= ژمارەی ساڵەکان.**

K **= تێچونی خەملێندراوی سەرەتایی پرۆژەی پێشنیار کراو .**

**نموونە:**

ئەگەر زانیت بڕی بەرهەم و نرخ و تێچوونی خەملێندراوی پرۆژەیەك وەك لەم خشتەی خوارەوە بێت، هەروەها پێشبینی دەكرێت تەمەنی پرۆژە (5) ساڵ بێت وە تێچوونی سەرەتایی پرۆژەكە (500000) یەكەی دراوی بێت وە هەروەها نرخی سووی باو لە بانكە بازرگانیەكان بریتی بێت لە (20%) .

**داواكراو:**

ئایا پێشنیار دەكەیت پرۆژەكە دا بمەزرێ یاخود ڕەتی دەكەیتەوە بەگوێرەی پێوەری تێكڕای داهاتی سادە.

| تێچوونی یەك یەكە (AC) | نرخی یەك یەكە (P) | قەبارەی بەرهەم (Q) | ساڵەكانی تەمەنی پرۆژە (N) |
|---|---|---|---|
| 0.95 | 1.1 | 800000 | 1 |
| 0.90 | 1.05 | 1000000 | 2 |
| 0.8 | 1.0 | 1300000 | 3 |
| 0.7 | 0.95 | 1500000 | 4 |
| 0.65 | 0.95 | 1650000 | 5 |

**شیكار :**

$$S.R.R = \frac{\sum Qi(Pi-ACi)}{N} / K$$

$$= \frac{800000(1.1-0.95)+1000000(1.05-0.90)+1300000(1-0.8)+1500000(0.95-0.7)+1650000(0.95-0.65)}{5} \div 500000$$

$$= \frac{1400000}{5} \div 500000$$

$$= 280000 \div 500000$$

$$=56\%$$

ئەم ڕێژەیە بریتییە لە بڕی قازانجی ساڵانە بۆ پرۆژەی پێشنیاركراو بە بەراورد لەگەڵ تێچوونی بەرایی، واتا هەر (100) دینار بۆ پرۆژەكە خەرج بكرێت، ئەوا (56) دینار پوختەی قازانج دەست دەكەوێت لە ساڵێك

ئاشكرایە كە ڕێژەی (56%) گەورەترە لە ڕێژەی (20%)، بۆیە ڕاسپاردە دەكەین بە دامەزراندنی پرۆژەكە. هەروەها بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە: لەبەر ئەوەی تێكڕای داهاتی سادەی پرۆژە دەردەچێت (56%) ئەمەش گەورەترە لە نرخی سووی باو لە بانكە بازرگانیەكان كە بریتی بێت لە (20%) .بۆیە پرۆژە قبول دەكەین.

## 2- پێوەری ماوەی گێڕانەوە سەرمایە ( معیار فترة استرداد راس المال):-

مەبەست لەم پێوەره هەژمارکردنی ئەو ماوەیەیە کە تیایدا دەتوانرێت تێچونی سەرەتایی پڕۆژە بگەڕێندرێتەوە لە ڕێگەی قازانجە چاوەروانکراوەکانی پڕۆژەکە.

بەپێی ئەم پێوەره ئەو پرۆژەیەی کە کورترین ماوەی گەڕاندنەوەی سەرمایەی هەبێت بەباشترین دادەنرێت.

وە لەبەر ئەوەی پارەی وەگەڕخراو گرنگی زۆری هەیە لای وەبەرهێن بۆیە ماوەی گێڕانەوەی سەرمایە گرنگی زۆری هەیە لە کرداری هەلسەنگاندن وە ماوەی گێرانەوەی سەرمایە دەتوانین دیار بکەین لە ڕێگای ئەم یاسایە :-

**شێوەی یەکەم :-**

$$\text{م. گ. س} = \frac{\text{تێچوونی خەملێندراوی سەرەتایی}}{\text{پوختەی قازانج}}$$

$$P.B.P = \frac{K}{Q(P-AC)}$$

P = م.گ.س = ماوەی گەرانەوەی سەرمایە .

Q = قەبارەی بەرهەم .

P = نرخی یەك یەكە لە بەرهەم .

AC = تێچوونی یەك یەكە لە بەرهەم

**نموونە :**

ئەگەر هاتوو تێچوونی سەرەتایی خەملێندراو بۆ پرۆژەیەك (300000) یەکەی دراو بێت و قەبارەی بەرهەمی خەملێندراوی ساڵانەی پڕۆژەکە(100000) یەکەی بەرهەم بێت ، وە نرخی فرۆشتنی یەك یەکە بریتی بێت لە (0.8) یەکەی دراوی، وە تێکرای تێچوونی یەك یەکە بریتی بێت لە (0.5) یەکەی دراو.

**داواکراو:**

ماوەی گێڕانەوە سەرمایە (معیار فترە استرداد) بۆ پڕۆژەکە بدۆزەرەوە.

$$P.B.P = \frac{300000}{100000(0.8-0.5)} = \frac{300000}{100000(0.3)} = \frac{100}{10} = 10 \text{ ساڵ}$$

واتە ماوەی پێویست بۆ گەرانەوە سەرمایەی پرۆژە10 ساڵە

**شێوەی دووەم :**

$$P.B.P= K / \frac{\sum Qi(Pi-ACi)}{N}$$

**نموونە:**

ئەگەر زانیت بری بەرهەم و نـرخ و تێچوونی خەملێنـدراوی پرۆژەیـەك وەك لـەم خشـتەی خـوارەوە بێـت، هـەروەها پێشـبینی دەكرێـت تەمـەنی پـڕۆژە (5) سـاڵ بێـت وە تێچـوونی سـەرەتایی پڕۆژەكـە (500000) یەكەی دراو.

**داواكراو:**

ماوەی گێڕانەوە سەرمایە (معیار فترە استرداد) بۆ پڕۆژەكە بدۆزەرەوە.

| سالەكانی تەمەنی پرۆژە ن(N) | قەبارەی بەرهەم ج(Q) | نرخی یەك یەكە ع(P) | تێچوونی یەك یەكە ك(AC) |
|---|---|---|---|
| 1 | 800000 | 1.1 | 0.95 |
| 2 | 1000000 | 1.05 | 0.90 |
| 3 | 1300000 | 1.0 | 0.8 |
| 4 | 1500000 | 0.95 | 0.7 |
| 5 | 1650000 | 0.95 | 0.65 |

**شیكار :**

$$P.B.P= K / \frac{\sum Qi(Pi-ACi)}{N}$$

800000(1.1-0.95)+1000000(1.05-0.90)+1300000(1-0.8)+1500000(0.95-0.7)+1650000(0.95-0.65)

= 500000 / -------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------

5

1400000

= 500000 /------------------------ = 500000 /280000

5

=1.785 **ساڵ**

**واتە ماوەی پێویست بۆ گێڕانەوەی سەرمایەی پرۆژە بریتییە لە 1.785 ساڵ**

**ئەم پێوەرە بە پێوەرێکی باش و بەسوود دادەنرێت لە دامەزراندنی پڕۆژەکان و پشتی پێ دەبەسترێ بۆ هەڵبژاردنی پرۆژەیەك لە نێوان چەند پرۆژەیەك، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە مەترسی تێدایە، بەهۆی نەبوونی دەستەبەری جێگیریگەڕاوە بۆ ماوەی زیاتر لە ماوەی گێڕانەوە سەرمایە. سەرەڕای بونی چەند خاڵێکی لاواز لەم پێوەرە کەوامان لێدەکات هەندێك خۆپارێز بین لەبەکاردەهێنانی گرنگترین خالەکانیش ئەم خالآنەی خوارەوەن:-**

**ئەم پێوەرە پێوەرێکی گونجاوو باشە بۆ ئەو جۆرە پرۆژانەی کەمەترسیان تێدایە بە هۆی دلنیا نەبوون لە بەدەست هێنانی دەسکەوتەکان بەشێوەیەکی جێگیر بۆ ماوەی زیاتر لە ماوەی گێڕانەوە سەرمایە:-**

**رەخنەکان یاخود کەم و کوریەکانی بریتین لە :-**

**أ- ئەم پێوەرە داهاتە نەختینەییەکان پشت گوێ دەخات کە وەدەست دێن پاش ماوەی گێرانەوەی سەرمایە .**

**ب- رەچاوی دابەزینی بەهای دراو ناکات بە تێپەر بوونی کات وە گریمان دەکات کە بەهای دراو ناگۆرێ لە سالێك بۆسالێکی تر بە درێژایی تەمەنی پڕۆژە .**


**ت- رەچاوی جیاوازی قەبارەی وەبەرهێنان ناکات یان داهاتی چاوەروانکراوی گشتی پڕۆژە ، بۆیە ئەم پێوەر گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسی بەلاَم گونجاو نیە بۆ چەندیەتی قازانجی پرۆژە.**

## 3- پێوەری خاڵی یەکسانی: ( BEP ) Break – Even Point

**مەبەست لە خاڵی یەکسانی ئەو خاڵەیە، کە تێیدا یەکسانبوون لەنێوان دەسکەوتی گشتی و تێچوونی گشتی بۆ بەرهەمێکی دیاریکراو وەدی دێت، بە واتای ئەو خاڵەی کە تێیدا نە هیچ قازانج هەیە نە زیان.**

ئەم شێوازە جەخت دەکاتە سەر شرۆڤەی خاڵی یەکسانی لە میانەی لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی نێوانی دەسکەوتەکان و تێچووەکان و قازانجدا لە ئاستی بەرهەم و فرۆشتنی جیاوازدا ، بەم جۆرە خاڵی یەکسانی دەبێتە نیشاندەری ئاستی داواکراو یان کەمترین ئاستی پێویست بۆ بەگەڕخستنی پڕۆژە بە توانایەکی (وزەیەکی) ئیش پێکردنی دیاریکراو، بۆئەوەی پڕۆژەکە دووچاری زیانی دارایی نەبێت. لێکۆڵینەوە لەم بابەتە لەڕێگەی دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی توانای کارپێکردن دەبێت، کە لەم خاڵەدا تێچوونی پڕۆژە لەگەڵ دەسکەوتی چاوەڕوانکراو یەکسان دەبێت. بەم جۆرە پڕۆژەکە دەبێتە پرۆژەیەکی یەکلاکەرەوە، کە نە قازانجی دەبێت نە زیان، هەر کاتێکیش تێچوون کەم بێتەوە دەسکەوتی پڕۆژەکە زیاد دەکات، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

به مەبەستی ڕوونکردنەوەی خاڵی یەکسانیش پەنا دەبەینە بەر ئەم شێوە ڕوونکردنەوەیەی خوارەوە، کە سادەترین جۆری پەیوەندیی نێوان داهات و تێچوون ڕووندەکاتەوە، کاتێك کە نەخشەی داهات و تێچوون لە شێوەی هێلی بێت.




وێنەیەك خاڵی یەکسانی روون دەکاتەوە

ئەم وێنەیە پشت بەم گریمانانە دەبەستێت:

1. نرخ بە تەواوی سەربەخۆیە، پەیوەندیی بە قەبارەی فرۆشراوەوە نییە، بۆیە دەسکەوتی گشتی (TR) بریتییە لە لێکدانی نرخ کە ناگۆڕێت لە قەبارەی بەرهەم کە دەگۆڕێت. دەسکەوتیش بریتییە لە نەخشەیەکی هێلیی بۆ قەبارەی بەرهەم، بۆیە لە خاڵی سفرەوە دەست پێدەکات.

2. گریمانـەکانی دیکە کە ئـەم نموونەیـە پشتی پێدەبەستێت، ئەوەیـە کـە شـێوازی تێچوونیش هێڵیـی بێـت، ئەمەش مانای وایە کە تیکرای تێچوونی گۆڕاوی یەکەیەکی بەرهـەم بڕێکـی نـەگۆڕە، کـە قـەوارەی بەرهـەم کـاری تێناکـات، ئەمـەش وا نیشـان دەدات، کـە پەیوەنـدیی نێـوان ڕەگـەزەکانی بەرهـەم و قـەبارەی بەرهـەم پەیوەندییەکی هێڵییە.

## ڕێگای جیاکاری:

_ دەسـتـکەوتی گشـتی = بـڕی فرۆشـراو × نرخـی فرۆشـتنی یـەك یەكـە: $TR=Q*P \quad ....(1)$

_ تێچوونی گشتی = تێچوونی نەگۆڕ + تێچوونی گۆڕاو $TC=FC+VC \quad ....(2)$

= تێچوونی نەگۆڕ + (بری بەرهەم × تێچووی یەکەی گۆڕاو) $TC=FC+(Q*AVC)$

لە خالی یەکسانی، دەسکەوتی گشتی = تێچوونی گشتی $TR = TC$

$$Q*P = FC+(Q*AVC)$$

$$Q*P - (Q*AVC) = FC$$

بە وەرگرتنی (Q) دانەی هاوبەش $Q(P - AVC)= FC$

- کەواتە یاسای دۆزینەوەی خاڵی یەکسانی بریتیە:

$$\textbf{BEP} = Q= \frac{FC}{(P- AVC)}$$

واتا: خاڵی یەکسانی = تێچووی نەگۆڕ/ (نرخی فرۆشتنی یەکەیەك − تێچووی گۆڕاوی یەکەیەك)

- هەروەها یاسای دۆزینەوەی خاڵی یەکسانی وەك ڕێژەیەك لەتوانای بەرهەمهێنان بریتیە:

| |
|---|
| یاسای دۆزینەوەی خاڵی یەکسانی وەك ڕێژەیەك لەتوانای بەرهەمهێنان<br>= بڕی بەرهەمی خاڵی یەکسانی/توانای گشتی بەرهەمهێنانی پڕۆژەکە |

- هەروەها یاسای دۆزینەوەی بەهای نەختینەیی لە خاڵی یەکسانی بریتیە:

$$\textbf{V.BEP} = \frac{FC}{1- (AVC / P)}$$

واتە: بەهای نەختینەیی لە خاڵی یەکسانی

= تێچووی نەگۆڕ/1- (تێچووی گۆڕاوی یەکەیەك ÷ نرخی فرۆشتنی یەکەیەك)

## نموونە:

ئەگەر تێچوونی نەگۆری پرۆژەیەك (5000) دولار بێت و نرخی فرۆشتنی یەکەیـەکی بەرهـەم(25) دولار بێـت و تێچوونی گۆراوی یەکەیەك (20) دولار بێت، هەروەها توانای بەرهەمی گشتی پرۆژە (4000)یەکەی بەرهەم بێت .

**داواکراو:**

1- ئایا خاڵی یەکسانی پڕۆژەکە چەندە؟

2- ئایا بەهای نەختینەیی لە خاڵی یەکسانی چەندە؟

3- ئایا خاڵی یەکسانی وەك رێژەیەك لەتوانای بەرهەمی گشتی پڕۆژەکە چەندە؟

**وەلاٚم: خاڵی یەکسانی پڕۆژەکە بریتیە:**

$$\textbf{BEP} = Q = \frac{FC}{(P - AVC)}$$

$$Q = \frac{5000}{25 - 20}$$

$$Q = \frac{5000}{5} = \textbf{1000}$$ یەکەی بەرهەم

1- بەهای نەختینەیی لە خاڵی یەکسانی بریتیە:

$$\textbf{BEP} = V = \frac{FC}{1 - (AVC / P)}$$

$$V = \frac{5000}{1 - (20 / 25)}$$

$$V = \frac{5000}{1 - 0.8} = 25000\ \$$$

2- خاڵی یەکسانی وەك رێژەیەك لەتوانای بەرهەمی گشتی

= بڕی بەرهەمی خاڵی یەکسانی/توانای گشتی بەرهەمهێنانی پڕۆژەکە

= 1000 /4000 =0.25 واتا = 25٪

هەروەها دەتوانین خاڵی یەکسانی بدۆزینەوە لە رێگەی خشتەی خوارەوە کە گۆزارشت لەهەمان نموونەی پێشوو دەکات ، سوودیش دەبینین لەخشتەکە بۆ کێشانی وێنەی بەیانی خاڵی یەکسانی

| TFC | Q | P | AVC | TR | TVC | TC | TT |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5,000 | **0** | 25 | 20 | 0 | 0 | 5,000 | -5,000 |
| 5,000 | 200 | 25 | 20 | 5,000 | 4,000 | 9,000 | -4,000 |
| 5,000 | 400 | 25 | 20 | 10,000 | 8,000 | 13,000 | -3,000 |
| 5,000 | 600 | 25 | 20 | 15,000 | 12,000 | 17,000 | -2,000 |
| 5,000 | 800 | 25 | 20 | 20,000 | 16,000 | 21,000 | -1,000 |
| 5,000 | **1,000** | 25 | 20 | 25,000 | 20,000 | **25,000** | 0 |
| 5,000 | 1,200 | 25 | 20 | 30,000 | 24,000 | 29,000 | 1,000 |
| 5,000 | 1,400 | 25 | 20 | 35,000 | 28,000 | 33,000 | 2,000 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5,000 | **1,600** | 25 | 20 | 40,000 | 32,000 | 37,000 | 3,000 |

وا باشە شرۆڤەی خاڵی یەکسانی لە لێکۆڵینەوەکانی کەلکدا بەکاربهێنرێت، چونکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ زانینی کەمترین ئاستی بەرهەمهێنان یان ئاستی فرۆشیاری کە وا دەکات پڕۆژەکە لە بازاڕدا بەردەوام بێت بێ ئەوەی بەرهەم ڕابوەستێت و لە بازار دەربچێت.

لەڕاستیدا دەکرێت بگەینە خاڵی یەکسانی پڕۆژەکە، کە لێی دەکۆڵینەوە دوای کۆتاییهاتنی خەملاندنی فرۆشراو لە لێکۆڵینەوەی بازاڕدا، هەروەها خەملاندنی تێچوونیش لە میانەی لێکۆڵینەوەی هونەریدا.

هەر چ کاتێکیش خاڵی یەکسانی نزم بێتەوە هەلی بەدیهێنانی قازانج لە پڕۆژەکە بەرزدەبێتەوە و گریمانەی ڕادەی زیان لێکەوتنیش کەمتر دەبێتەوە. جیاوازیش لە نێوان ڕادەی بەکارهێنانی چاوەڕوانکراوی توانای پڕۆژەکە و نێوان خاڵی یەکسانیدا، ناوچەی دڵنیایی (أمان) دەنوێنێت، کە هەرچەندەش فراوانتر بێت ئەوەندە باشترە. بە کورتی خاڵی یەکسانی کەمترین ڕادەی بەرهەمهێنان نیشان دەدات، کە دەکرێت بۆ بەکارهێنانی وزەی بەرهەمهێنانی پڕۆژەکە ڕێی پێ بدرێت.

**هەڵسەنگاندنی شێوازی خاڵی یەکسانی:**

ئەم شێوازەش ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ڕەخنە دەبێتەوە، لەوانە:

1- نەبوونی لۆجیك (منطق) لە گریمانەکانی پشت پێبەستراو، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە گریمانەی نەگۆری (پبات) نرخی فرۆشتنی یەکە ویان تێچوونی گۆڕاوی یەکەوە هەیە.

2- بنەماکەی لەسەر گریمانەی جیاکردنەوی نێوان تێچوونی نەگۆڕ و گۆڕاو بنیات دەنێت، ئەم جیاکارییەش وورد نییە.

3- گریمانەی ئەوە دادەنێت ئەگەر پڕۆژە بەرهەمێك یان چەند بەرهەمێك وەبەربێنێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانرێت ئەو بەرهەمانە بۆ یەك بەرهەمی سەرەکی بگۆڕین، ئەم گریمانەیەش پراکتیکی و گونجاو نییە.

4- گریمانەی ئەوە دەکات ڕێژەی تێکەلکردنی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە یان دەگۆڕێت بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە نێوانیاندا.